پاتریس فرانسشی : "ئەردۆگان لە هەرشکردنە سەر کوردکان هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان پشێل دەکات".. وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە : دیار عەزیز شەریف

دیمانە لەلایەن کەڤین بوکە ڤیکتوار
وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە : دیار عەزیز شەریف

تورکیا ئەم نەڤەمبەرە ئۆپەراسیۆنەکی ئاسمانیی لەناو باکووری سوریا و عێراق ئەنجامدا، کە بەهۆیەوە بڵایەنی کەمەوە ٣١ کەس کوژران، ئەمەش دوا بەدوای تاوانبارکردنی کوردکان وەک ئەنجامدەری هەرشە تیرۆریستییەکەی ئەم دواییەی ئیستانبول. پاتریک فرانسشی، نووسەرێک پابەندە بە گرنگیدان بە پرسی کوردکان کە مەڕووەکەی بە سەرەتای شەڕی سوریا دەگەڕێتەوە کە دە ساڵ دەبێت، ئەم ڕووداوە بە گەڤاری " Marianne " شەڤە دەکات.

3

Marianne : تورکیا هەرەمی کوردکانی لە سوریا و عێراق بەمباران کرد، لە وەڵامی هەرشە تیرۆریستییەکەی سەر ئیستانبول. ئەوە چۆنی دەبینن؟

پاتریس فرانسشی : ئەوەی ئەمە دەیزانین – ئەوەی هەموو ڕاوێژکارێکانیش دەیزانن بەڵام ناوەرن بیڵێن- ئەوەیە کە هەرشەکەی سەر ئیستانبول هیچ پەیوەندییەکی بە کوردکانەوە نییە کە ساڵانێکە زەر بە باشی خەیان لە هەموو جۆرە ئیستیفزازکردنێکی ئەنقەرا پاراستووە کە تەنها چاوەڕێی بەهانەیەک دەکات بۆ هەرشکردنە سەریان لە عێراق و بۆتایبەتیش لە سوریا. ئەم هەرشەی سەر ئیستانبول هەر لە گەمەی دەزگای هەواڵگریی تورکی "میت" دەچێت، بۆئەوەی ڕێگە بە ئەردۆگان خۆش بکات خۆی وەکو قوربانییەک دابنێت لە هەمان کاتدا پشتیوانی ڕای گشتی بۆ گوتارەکەی بەدەست دەنێت کە کوردکان دەکاتە تیرۆریست وەکو ئەوانی تر. ئەمە شێواندنێکی واقیعە بەشێوەیەکی بە هاوتا قەزەون بەڵام دەنگدەرانی ئەردۆگان خۆشحاڵ دەکات کە قورسە

رادی ناسیۆنالیزمی زبر و کوردانەکیان و حزبی بەدستهێنانەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە سەرکەکیان بێنی پداون، پەوانە بکرێت.

ئەوی پەویستە لەسەرووی هەموو شتێکەوە لەی تێبگەین – کە شێوانگەزیی ئەردۆگانیش روون دەکاتەوە- ئەویە تورکیا، وەاتێک تا دێت زیاتر دەبێتە وەاتێکی ئیسلامی، ئەو قبوڵ ناکات کە کوردەکانی سوریا لە باکووری وەاتەکیان دوای سەرکەوتنیان بەسەر داعش سێ ساڵ لەمەوبەر بونیادیان ناوە : دەوڵەتێکی دیفاکتۆ، چوار ئەوندەی لوبنان گەورەیە، ئەزموونی دیموکراتیەکی راستەقینە و چەمکەکانی وەک یەکسانیی نەوان ژن و پیاو، عەلمانیەت و رێزگرتن لە کەمینەکان دەکات؛ هەمووی بەیەکەوە نموونەیەکە بۆ رزگاربوونی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. مەترسیەکە بۆ سەر تەواوی ستەمکار و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە.
بەشکستهێنانی لە وەستاندنی ئەم پڕۆسەیە لە سەروختی شێوی کوردەکان دژی داعش چونکە ئەوکات خۆرئاواییەکان بۆ بەیاربوون لە پشتیوانیکردنی "هاوپەیمانێ" کوردەکانیان –جیهادییەکان ئەوسا دوژمنی هاوبەش بوون- ئەردۆگان لە چاوەڕوانی هەر کاتێکی جیۆسیاسی لەبار بوو تاوکو چەقێک تێابکاتە ناو قووڵایی ئەم پڕۆسەیە : لە٢٠١٦ بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەشێک لە هەرەمی شەهبا، لە ٢٠١٨ بۆ داگیرکردنی کانتۆنی عەفرین کە لەوە بەردەوامە لە پاکتاوکردنێکی بۆ بەزییانی ئیتنیکی، هەروەها لە ٢٠١٩ بۆ ئەنجامدانی هەمان شت لەناو دێی رۆژئاڤا، وەاتە مۆزوویەکەی کوردەکان. لەو کاتەوە، ئاژاوەگێڕی جێگەی ئەو ئاشتی و سەقامگیرییەی گرتووەتەوە کە دوای کۆتاییهاتنی خەلافەتی ئیسلامی جێگیر بوو بوو. ئەمریکییەکان بەشێکی رێگەیان بە رووداندی ئەم داوە، هەروەها رووسەکانیش. هەڵەی ئەخلاقیی دەستبەرداربوونی هاوپەیمانەکانمان کە لە شێوی داعش زیانێکی گیانی ئەجگار زۆریان بەرکەوت، هەڵەیەکی سیاسییە، چونکە کوردەکان تاکە هێز بوون-هەرواش دەمێننەوە- کە تواناییان رێگە لە گەڕانەوە ئیسلامیزمی رادیکاڵ لەسەرتاسەری ناوچەکە بگرن.
ئەمە ئێستا لەبەردەم چوارمین هەنگاو دایە. لە بە ئەردۆگان، بەمبارانکردنی کوردەکانی سوریا لەم رۆژانەی دواییی بە فڕۆکە تورکییە جەنگییەکان بەدرێژایی ٨٠٠ کیلۆمەتری سنووری جیاکردنەوەی تورکیا لە سوریا، تاقیکردنەوەیەکە. ئەگەر خۆرئاوا کاردانەوەی دەستبەجێی لە دژی نەبێت، ئەوا دەزانێت کە دەتوانێت گروپە جیهادییەکانی ژێر کۆنتڕۆڵی خۆی لە کوردەکان بەربدات، بە پاڵپشتیکردنی هێرشە ئاسمانی و تۆپبارانکردنەکانی. ئامانجەکە

خراوەتەوو: لەگەڵ دەستپێکردنی داگیرکردنی تەواوی ناوچەی سنووریی تورکی-سوریەکە بەقووڵایی ٣٠ کیلۆمەتر و درێژایی ٨٠٠ کیلۆمەتر، بە دروستکردنی "ناوچەی ئارام". لەراستیدا ئەم داگیرکردنە کەتایی بە ٩٠% ئەو هەرەمە دەهێنێت کە تا ئێستا لەژێر دەستی کوردەکان دایە و بەمەش هیچیان تێدا ناهێڵێتەوە. لەهەمان کاتدا سینووری "قەڵغانی کورد" کە ئەمە لە مەترسی گەڕانەوەی داعش دەپارێزێت- ئامانجێکی رانەگەیەندراوی ئەردۆگانە، بەڵام مەسەلەیەکی جەوهەریی بە فراوانکردنی ئایدیەلۆژیایەکەی.

Marianne : کوردەکان لە تورکیا لە ئێستادا لە کوێ دان ؟
پاتریس فرانسێشی : کوردەکانی تورکیا زێر لاواز کراون لە دوایین راپەڕینیان لە ٢٠١٥، لەناو خوێن و بەباکییەکی تەواوی ئەوەی پێی دەوترێت "کۆمەڵگای نەودەوڵەتی" سەرکوتکران. کە لە بیرییەتی؟ سەرکوتکردن دژی گشت رەگەزی کوردییەکان بەشێوەیەکی دەڤەقانە و کوێرانە درێژەی هەیە. تاکە پێکهاتە و دام و دەزگاگەلی کوردی کە ئەمڕۆ حیسابی لەسەر بکرێت و گرنگ بێت ئەوا کوردەکانی سوریان- کە لایەنی نەودەوڵەتییەوە دانیانپێدانەنراە- هەرچی کوردەکانی عێراقن ئەوا خەباتەوبەرییەکی سیاسیی واقیعییان هەیە بەڵام لەژێر کاریگەریی راستەوخۆی تورکیا دایە کە لە ڕووی ئابووریەوە ئەوانی گرتووە و ناهێڵێت لەژێر دەستی دەربچێت.
Marianne : لەهەمان کاتدا، ئێران سەرکوتکردن دژ بە کوردەکان چەترکردووەتەوە، لەبەرچی ؟

پاتریس فرانسێشی : زێر بەسادەیی لەبەرئەوەیە کوردەکانی ئێران، بەتایبەتی ژنان، کە پێشەنگی ئەم شۆڕشەی ئێستان لە دژی رژێم، ئەمە زێر هەمیشە لەبیریان دەکەین. وەک راستییەک کە ئەوان بە ماوەی چەندین دەیەیە سەرکوتکراوترین کەمینەی ئێرانیی بوونە- بەدەندەیەکی وا کە مرۆڤ ناتوانێت وەنای بکات.
Marianne : چۆن بەدەنگی فێمینسا لەکەدەیتەوە ؟

پاتریس فرانسێشی : لەڕاستیدا تەواوی رژێماوا، بە ئەمریکییەکانیشەوە بەدەنگن...لە واقیعدا ئەردۆگان تاکتیکزانێکی تەواوە، دەزانێت لەو ئان و ساتەدا دەتوانێت ئەوەی بیەوێت ئەنجامی بدات، بەوەی خەی وا لەکردووە کە بەبێ ئەو نزیکەی هیچ شتێک ناکرێت. کەس نایەوێت دژایەتییەکی یەکلاکەرەوەی لەگەڵ بکات. کەس نایەوێت بچێتە کەمترین شەڕ و ململانێی یەکلاکەرەوە لەگەیدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان، ئەو بە شێوانگرزییە پێش لەنگیراوەکەی خەڵک دەترسێنێت. بەتایبەتی ئەمانیا، لەم مەسەلەیەدا رەنی لاوازتر

کراوە بەهای نیشتجێبوونی رۆژنددکی بەرچاوی تورکی لەسەر خاکەکەی، یان سوێد و فینلاند، هەردووکیان لە ترسی ئەوەی کە نەوەک گەیشتنیان بە ناتۆ لەلایەن سوێتانەکەی ئینقەرا بتۆاوی رێگەی لێبگیرێت. تەنها یەنانییەکان هەن کە ئەوەندەی لە توانایاندا هەبێت بەرەنگاری دەبنەوە. بەڵام ئەوان لە هێشەی پشتەوەی رووبووبوونەوەی ئامانجەکانی تورکیادان لە دەریای سپی ناوەڕاست. لەم چوارچێوەیەدا ئەمە شایەدحاڵی هەبوونی دەبە مەڵیەکین لە پێوەست بە شەڕی نێوان روسیا و ئۆکرانیا. ئەردۆگان ڕەک بەهەمان شێوەی پوتین ڕەفتار دەکات کاتێک کە وای پیشاندا لەبەرئەوە هەرش دەکاتە سەر ئۆکرانیا تاوەکو خەڵی لە نازیزمی ئەو وڵاتە بپارێزێت. ئەردۆگانیش بۆئارەزووی خۆی هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکان پشێل دەکات لە هەرشکردنە سەر وڵاتەکی تر، سوریا. بەڵام وڵاتەکەی ئەو هەی ناتۆیە و هەرچی کوردەکانن ئەوا پشوختە لە مەژوودا لە بیرکراون.

سەرچاوە :

https://www.marianne.net/agora/entretiens-et-debats/patrice-franceschi-erdogan-viole-toutes-les-lois-internationales-en-attaquant-les-kurdes?fbclid=IwAR1MZVayGRpIGQ8WGzlwSE4_a_3xFW6M8wnrek5nPPTNvViEGVtNUgmf5YA

نمایشی هاوبەشی هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە پەنیا.. سەباح جەلال

بۆ خوێندنەوەی ئەم وتارە کلیکی ئێرە بکەن...

لەلای من (ئەژی حەمە نووری) باشترین ئەکتەری فستیڤالی شانۆی هەولێر بوو.. کامەران حاجی ئیلیاس

دەنگ و جەستە دوو توخمی سەرەکی ئەکتەرن لە نواندنی شانۆ و سینمادا، دەتوانین بڵێین تەواوکەری یەکترین بۆ ئاوەژووکردنی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەرجەستە بکات، بۆ تایبەتی لە شانۆدا ئەکتەری سەرکەتوو هەموو توانستەکانی خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئاوەژووکردنی ئەکتەرەکانی تر جیاوازتر بێت، ئەمەش زیاتر لە ڕێگەی دەنگ وجەستەوە دەبێت چەمکی جەستەی ئەکتەر لەسەر شانۆ لە هەموو جەرەکانی شانۆگەری جێگیر نییە بەڵکو لەپشقچوون و گەرنکاری دایە لەگەڵ پشقچوونی یاساکانی کۆمەڵایەتی ژیانێ وە بەپێی ئاوەرووداوانەی لە شانۆگەرییەکەدا ڕووددەدن، ئەکتەری شانۆ کاتێ کردارەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیەکە دیار دەکات و داهێنان دەکات بەپێی کردارە جەستەیی و دەرونی بەم شێوەیە کۆمەڵایەتیە درامیەکان لەسەر تەختەی شانۆ بە جوڵەو دەنگ دەردەکەون.

دوای بەدەنگیەکی زۆر ، لە جوڵەی شانۆیی لە شاری هەولێر،لە ڕۆژانی 12- 18-11-2022 حەفتەمین فستیڤالی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ ،لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕەشنبیری هونەر- هەولێر بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ سازکرا، سەرتای فیستیڤاڵ بە وتاری کردنەوەی فستیڤاڵ لەلایەن سەرکی فستیڤال هونەرمەند "هیوا سوعاد" دەستیپکرد ، پاشان وتاری هەریەک لەبەرپرسان "ئومێد خۆشناو" پارێزگای هەولێر و" د.سالار عوسمان" بریکاری وەزارەتی ڕەشنبیری ولاوان پشکەش کران ،لە کۆتایی وتارەکان دا پەیامی بەرێز "تەبیاس بیانکەنی" سەرکی ئینستیتویتی جیهانی شانۆ پشکەش کرا، ئەنجا ڕێز لە شانۆکاری پشەنگی کورد (سەباح عەبدولڕەحمان) نراو خۆاتی ئاتووونی پشکەش کرا.

لە فستیڤاڵەدا (15) نمایشی شانۆیی پشکەش کران ، کە چەندین گروپی شانۆیی لە هەرێم و دەرەوەی هەرێم بەشداربوون وەکو (میسر، ئێران ، عومان ،تونس،روسیا، ئۆکرانیا،ئوردن،عێراق) لە هەرەمی

کوردستان لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی ، هەڵەبجە) بەشدار بوون، لە میانی بەرنامەچوونی فستیڤاڵدا رۆژ لە شانۆکاری پێشەنگی کورد (سەباح عەبدولڕەحمان) نرا لەگەڵ بەرنامە چوونی چەندین کەسی ڕۆخنەیی و تەوەری هزری ، لایەن چەنیدین شانۆکارانی کورد و عەرەب .

دوای هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی فستیڤاڵ لایەن لیژنەی دادوەران، خەڵاتی باشترین ئەکتەر، دەرهێنەر، سینەگرافیا و باشترین نمایش بەم شێوەی خوارەوە بوو:

باشترین ئەکتەری کچ درا بە "ڕەیحانە ڕەزی" لە شانۆگەری "مانستەر" لە وڵاتی ئێران.

باشترین ئەکتەری کور درا بە " محەمد شوقی " لە شانۆگەری "روبە" لە وڵاتی تونس.

باشترین سینەگرافیا درا بە "شیراز " لە شانۆگەری "شەوگار گەرانی خەیاڵەت" هەولێر، کوردسان.

باشترین دەرهێنان درا بە "ئاڤیار نەوزاد و هەدی ئیسماعیل" لە شانۆگەری " سروودێک بۆ ئیکاروس" هەڵەبجە ،کوردستان

باشترین نمایش درا بە "ئەلبەرت کامۆس" لە شانۆگەری "کالیگوڵا" لە وڵاتی ئەکرانیا.

بەگومان من ئەوە باش دەزانم ، لیژنەی دادوەری و بینەرانی شانۆی لە کاتی هەڵسەنگاندن و بینینی شانۆگەریان ،ئەوان هیچ پەیوەندیان بە بارودۆخی دەروەی نمایشەکان دا نیە،ئاخە تیپێ شانۆیەک تووشی چ گرفتێک بۆتەوە یان تووشی هەرکەشێک دەبێتەوە لە کاتی نمایشکردن دا ، بەهەمان شێوەش بۆ ئەکتەرێش ، چونکە کێشکی گونجاو بۆ تایبەتی باری دەروونی پێش نمایش بۆ ئەکتەر زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی بە جوانی بەرجەستە بکات، بەڵام من کاتێ دەبینم ئەکتەرێک لەو ڕۆژەی باوکی کچی دواییکرد بێت لە هەمان ڕۆژ دا بێتە سەر تەختەی شانۆ ڕۆڵ بگێرێت وسەرکەوتووش بێت ،ئەوە لای من زۆرگرنگە بۆتایبەتی ئەگەر ڕۆڵەکی بەزمەساتیش ببینێ ، من (ئاژی حەمەنووری)م لە شانۆگەری "شالیرو جادوگەرانی ماکبەس" لە سەرتەختەی شانۆکو ئەوەی ڕۆڵەکەی (بەهلول) داوای لێدەکات پێدەکەنێت بەڵی بە چەندین جاریش پێدەکەنێت بە ئەوەی کچکردنی باوکی کاریگەری نەرێنی لەسەر نواندنەکەی بکات ،من پرسیار دەکەم چ ئەکتەرێک دەتوانێت ئازیزترین کەسی کچی دوایی بکات لە هەمان ڕۆژ بێتە سەر تەختەی شانۆ ڕۆڵی کارکتەرێکی کۆمیدی ببینێت و پێبکەنێت "ئاژی حەمە نوری" هونەرمەند لەپێناو خۆشویستی بۆشانۆ لەپێناو ڕزگرتن لە هاورێکانی لە ستافی شانۆگەری (شالیرو جادوگەرانی ماکبەس) ئەو قوربانییەیدا ئەو بەنمایشکە ئەوارەکەی لە شاری

سلێمانییەوە گەیشتە شاری هەولێر ،دوای نمایشکێشی بەشەو گەڕایەوە شاری سلێمانی.
بەیەکەم هونەرمەند "ئازی حەمە نوری" باشترین ئەکتەری کۆمەڵە، لەحەفتەمین فێستڤاڵی هەولێری نێودەوڵەتی بە شانۆ ،لە باوەڕم کە خەڵاتی باشترین ئەکتەریشی لەلایەن بینەرانەوە، بەدەستی هێناوە، لەڕەوە لەو کاتەی دەست خۆشی لە تەواوی بەشداربووانی فێستڤاڵ دەکەم بەتایبەتی بە ستافی شانۆگەری (شالیر و جادووگارانی ماکبەس) ڕۆز و خۆشەویستی بە پایانم ئاراستەی هونەرمەند "ئازی حەمە نوری" دەکەم بەهیوای بەرهەمی باشتر و سەرکەوتنی بەردەوامی بە دەخوازم دوور بێت لە هەموو ناخۆشییەک.

ئایا کەمی یا زۆری شیعر پێگەی شاعیر دیاری دەکات؟.. گەران هێژا بجەیی

{ئەحمەد هەردی بەنمونە}

بەڕاستیەک کە بەوە ناسراوە بەردەوام لایقی هەیە و سەبارەت بە شتگەلێک ناوبچوونی خۆی دەردەبڕێت ، لە لایەکیدا کە لە ئابردووی نزیکدا پێشکەشی کرد کەوتە هەڵەیەکی مەزنەوە.
مرۆڤ هەرچەند بەتواناو لێهاتووبێت ،هەرچەند مەودای زانیاری و هزری فراوان بێت ، ناتوانێت فریای هەموشت بکەوێت و هەق بە هەموو بوارو لایەنەکان بە پێی پێویست بدات.بەیە باشترە تەرکیز لەسەر لایەنێک بکات کە سەرکەوتووە تێیدا و لەوێدا خۆی بەهێز بکات و تواناو وزەی خۆی تێدا وەگەڕ بخات.
خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە ئەویە ،دەمێک دەربارەی کەسێک قسەدەکرێت پێویستە زوومی باسەکە تەنها لەسەر ئەوبێت و پێلنەهاوێژێت بەکەسانی دەرەوە ،ئیدی باب،دایک ،خوشک و برا و خزم یا هەرکەسێکی دیکەبن،چونکە لەم حاڵەتەدا تەرکیزەکە پەرشوبڵاو و لاواز دەبێت،هاوکات مەرج نیە کەسانی دوروونزیکی ئەخنە لەگیراو پەیوەندیان بەوباسەوە هەبێت یاخود لە بەچوونەکاندا هاوابن.

لایەکی ئەم بەرزە تایبەت بوو بە دکتۆر چەمان هەردی ،کە بە ئەنجامدانی پرۆژەیەک دەربارەی [جەندەر] کۆمەکی دارایی لە یەکێتی ئەوروپا وەرگرتوە.
ئەز قسە لەسەر ئەو لایەنە ناکەم چونکە کاری من نیە، بەڵکو تەنها هەوڵستە لەسەر بۆگەیەک لە قسەکانی ئەو بەرزە دەکەم کە پەیوەستە بە باوکی دکتۆر چەمانەوە ،واتە شاعیری کۆچکردوو ئەحمەد هەردی.
لە سەرەتای لایەکەیدا بە ئەوەی پەیوەندی بە ناوەکی بابەتەکەیەوە هەبێت یاخود سوود بە باسکەی بگەیەنێت، بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز و تاڵادێک بەبەها کردنی شاعیر گووتی:
[هەموو شیعرەکانی ئەحمەد هەردی هێندەی لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەم نابن].
دیارە ئەم بەرزە وا تێگەشتوە کە هەر شاعیرێک شیعری زۆربوو ئەوە شاعیرێکی سەرکەوتووە ،خۆگۆر شیعری کەم بوو ئەوە شاعیرێکی لاواز و شکستخواردوە.
نکولی لەوە ناکرێت کە ئەحمەد هەردی ئێستۆرەیەکی گەشە بە ئاسمانی شیعری کوردیەوە.شیعرەکانی هێندە بەسەزن هێندە هەست بزوێنن هێندە پەماناو ئەندێشەی قوڵی کەمەایەتین بە ئاسانی لە دەروازەی ڕەحەتی دەدەن،هەر ئەم خەسڵەتیە وای کردوە کە زۆربەی شیعرەکانی لەلایەن کەڵە گەرانیبژەکانەوە بکرێنە گۆرانی. ئایا کەسێک هەیە بتوانێت نکولی لەبەرزی شیعری { ست فاتیمە} بکات؟ ئایا ئەویندار هەیە لە کاتی چاوەڕوانی ژووانەدا خەی لە شیعری { چاوەڕوانیدا}دا نەبینیبێتەوە؟
یاخود پەندە شیعری:
[بەدەستی خۆت کە جامت خستە سەر لێوت غەشیمانە
ئەگەر زەهریشی تێدابێت گوناهی خۆتە بیزانە
هەڵە یاخود گوناهت کرد لەکاتێکدا کە بەهەشی
سزاو تاڵاوی هەرچی بێت ئەبێ وەک بادەبینەشی]
ئەم پەندە شیعریە هێندە جوان و پەمانایە ، دەشی وەک کردارێکی چێوت و هەڵە بەسەر زۆربەماندا هاتبیت ،تەنانەت دەکرێ بە هەنگاو و سیاسەتی هەڵەی دەسەڵات و حکومەتەکانیش دەستبدات.
دیوانی [ەازی تەنیایی]شاکارێکە بەخەی کە دەکرێ لەپاڵ هەر شیعرێکدا هەڵوەستەیەک بکەین،بۆتایبەتی شیعری {دەڵکی تێکشکاو} کە بەڵای دەکرێ هەموو گەنجێکی بەشمەینەتی وەاتەکەم خەی تێدابینیتەوە } ،ئەم شیعرە هێندە چێژبەخشە هێندە باڵایە مرۆڤ بە خوێندنەوەی دەچێتە دنیای ئامان خەیاڵاتەوە.
هەر بە ئەوەی بە ئەو بەرزە بسەلمێنم کە کەمی یا زۆری بەرهەمی ئەدەبی پەورنیە بە ناو و ناوبانگی ئەدیب ،بەڵکو ناوەڕۆک و ماناو

پەگەی خودی بەرهەمەکەیە ،کە تا چ ئادەیەک کاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێت و هەستی دەبزوێنێت، ئەوە چەند نمونەیەک دەخەمەروو:

- شەهید مەلا عەلی خاوەنی شیعری {سەدار} کە هونەرمەندی کەچکەردوو حەمە جەزا بەکلیپ شاکارێکی لە دروستکردوە، پەدچێت هەندێک شیعری دیکەی هەبێت ، بەڵام ئەو شیعرەی کە لە ژووری چاوەڕوانی سەدارەدا نووسیویەتی ،شعرێکە مرۆڤ لە ئاست وردبەرزی و ماناو مەدلولاتیدا سەری سووڕدەمێنێت. کەواتە تەنها شیعری { سەدار} پێناسەیەکی پاوپڕ لە سەلیقەو شاعیریەتی شەهید مەلا عەلی.

+کازم ساهیر گەرانیەکی بەناوبانگی هەیە بەناوی{انا و لیلی} واتە من و لەیلا،شیعری گەرانیەکە هەندەبەرزە هەندە جوانە ، چەندین شاعیر خەیان کرد بە خاوەنی ،بەڵام کازم ساهیر بەگومان بوو کە ئەوانە خاوەنی ئەو شیعرە بەرزەبن،بەیە پاش گەڕان و پرسیار کە چەند ساڵی خایاند شاعیرەکەی دەزیەوە کە ناوی [حەسەن مەروانی]یە خەڵکی باشووری عەراقە. ئەستایشی لەگەڵدابێت ئەو کەسە خاوەنی تەنها ئەوشیعرەیە کە لەدەمی زانکەدا نووسیویەتی بە خۆشویستەکەی ،ئەو خۆشویستەی کە خیانەتی لێکردوەو کەسێکی تری خۆشویستوە.

دیارە کازم ساهیر بەپێی ئەزمون و سەلیقەو مەژووی هونەری خەی ،هەموو شیعرێک ناکاتە گەرانی ،بەڵکو جارە شیعرێک پەسەندەکات هەست بزوێن بن و هاوکات لەگەووی ناوەڕۆک و ستاتیک و تەکنیک و لایەنی دیکەوە گونجاوبن .کەواتە شعرەکەی حەسەن مەدوانی ئەو هەموو خەسڵەتانەی لەخە گرتوە،ئەمەش ئاست بەرزی شاعیربوونی حەسەن دەسەلمێنێت..

+نمونەیەکی تر لەمانووسی کورد [بەهرەز بووچانی]یە کە بەنووسینی تەنها لەمانێک ناوی دەرکرد و هەر بەو بەناشەوە بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی لە ئوسترالیا وەرگرت .لەمانەکەی بەناوی [جگە لە چیاکان کورد دەستی نیە].هەر پاش بەاوبوونەوەی لەمانەکەی نیوزیلەندا مافی پەنابەری پەبەخشی ،کە تا ئەوکاتە لە کەمپکی پەنابەران لە دوورگەی [مانوس] سەر بە ئوقیانووسی هەمن دەژیا،.

پاشان هەمان لەمان بەچەندین زمان وەرگەدرا.

+حەمەدەستانی کەچکردوو ،ئەویش بە لەمانی یەکەمی کەبە سویدی نووسی بە نەوی[شونێک لەبەهەشت] ناوبانگی دەرکردو هەمان لەمان چەندین جار چاپکرایەوە،هاوکات وەرگەردرایە سەرچەندین

زمان لەوانە ئینگلیزی.
حەمە دەستان بۆ هەمانەی لەووی کۆو سەمینار وخەلات و فرەشی هەمانکەیەوە توانی پێش نووسەرە ناودارەکانی سوید بکەوێت.
+سارا عومەری شاعیر نیشتجێی دانمارک لەگەڵ یەکەم ئەزموونیدا لەبواری نووسینی هەماندا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا.
سارا پێشتر تەنها شیعری دەنووسی ، بەڵام ساڵی [٢٠١٧] یەکەم هەمانی بەزمانی دانمارکی بەناوی{مردووشەر} نووسی.
ئەو هەمانە هێندە دەنگی دایەوە بەجۆرێک کەم خەڵان هەیە دانیەکی نەکەیبێت
پەم وابێت هەمانکەی دووسە جار چاپکرایەوە ،ژمارەیەکی باش خەڵاتی چنیەوە ،زۆرترین دیدارو کۆو سەمینارو دیبەتی لەبارەوە سازکرا .هەر بە نمونە ئەمە ناوەندکمان هەبوو بەناوی[سەنتەری دیالۆگ] ،دیبەیتکمان بەدانمارکی بە ساز کرد ،هەڵەکە [٤٠٠] کەسی دەگرت ،لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک بەپەوە وەستابوون.
+دوا نمونە سەبارەت بە هەماننووسی ئەفغانی {خالید حوسینی}یە ،خاوەنی هەمانی [کەلارە].ئەم هەمانە یەکەم بەرهەمی ئەدەبی خالید بوو .
هەمانکەی هێندە بەهێزبوو وای لە دەرهێنەرانی هێلیود کرد کە بیکەنە فیلم ، لەئەنجامدا فلیمکی سەرکەوتووی لە بەرهەم هات.وەک زانراوە لەو وەتانەی فلیمکەی تێدا نمایش کرا ،پڕداهاتترین فلیم بووە،وەرای ئەمە لە یەکەک لەفێستیڤالە سینەمایەکاندا لە ئەمریکا خەڵاتی باشترین فلیمی ئەو سەردەمەی پێبەخشرا.
نمونە زۆرە چ لەنێو کوردو چ لەنێو نێتەوەکانی دیکەدا کە بێتاکە بەرهەمکی ئەدەبی ناوبانگیان دەرکرد.
جا بەم نمونانەدا بەمان هەوێندبێتەوە کە کەمی بەرهەم هەرگیز نابێتە شوناسی بەهرەمەندی سەرکەوتوو.

گەران هەڵبجەیی

زانست لەنێو کۆمەڵگایەکی سیاسی دا!.. هەرەم عومەر کاکل

هەنگاو بەهەی گیردەبوونی ئەو قەیران و کێشانەی هاووی لە کۆمەڵگای کوردی کردووە هەموومانی بەبواری سیاسی سەرقاڵ کردووە بە زانینی هەواڵی چارەسەرکەی سەرتایش بێت بە ئەوەی کۆمەک لە دەوڵەتی ئەروونی بزگارمان بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا میدیای کوردی هەڵەکی ناتەندروست دەبینێت لەم بارودۆخدا کە زەربەی کارەکانی پیشگیری بواری میدیایی تەرخانکردووە بە سیاسەت و بەئەوەی تەزقاڵەک نەبینێت بە چارەسەرکردنی کێشەکان و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم لەنێو کۆمەڵگادا .

لەئێستاکەدا بەدەگمەن هەکەدەکەوێت ئاگەر لەیەکێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی نوسراو بەمانشێتێک یاخود بە ستونێکی هەواڵ بابەتێک یاخود ووتارێکی زانستی بەباو بکرێتەوە یاخود لەهەرکەناڵەکی بینراودا باس لەبوارێکی زانستی بکرێت ئەوەی بوونیشی هەیە و بەباودکرێتەوە لەپێنجەی دەست زیاتر نابێت و هەندەکیشیان بەمەبەستی تایبەتی خەیان هەواڵەکی زانستی لەچوارچێوی فلتەرێکی سیاسی دا تەدەپەڕێنێت و بەباودکرێتەوە بەئەوەی سود بگەیەنێت بەتاکی نێو کۆمەڵگای کوردی .

لەلایەکی تریشەوە ئەو نوسەر و ڕۆژنامەنوسانەی کە ماوەیەک لەبواری زانستی کاریان دەکرد و بەدوای بەباو کردنەوەی ووتار و بابەتی زانستیەوە سەرقاڵ بوون لەئێستاکەدا بوارە زانستیەکەیان گۆیوە بەئاراستەی سەردەمی سیاسی ئەوانیش وەک بەدوای هەواڵە سیاسیەکان و ئەمەش بە سیاسەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (بیسترا و بینراو نوسراو) دەگەڵتەوە کە هەموویان هەوڵی بەسیاسی بوونی ڕاگەیاندن دەدەن لەبەر هەکاری پە فرەشترین و پە بینەر ترین و یاخود هەکاری پاپشتی لایەنەکی سیاسی لەو میدیایەی بوونی هەیە بە بەاوکردنەوەی .

دەرەنجامی ئەم بینینەی میدیاو ڕاگەیاندنی کوردی لەبواری سیاسی کاریگەری دەبێت لەسەر دروست بوونی عەقڵیەکی سیاسی و تاکەکی سیاسەتمەداری هەها لەنێو کۆمەڵگا دوور لەبوونی بەهایەکی زانستی و بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروستی زانستیانە ، کەڕەنگە تاچەند ساڵەکی تر کۆمەڵگایەکی (ملیەنان چاودێری سیاسی) بەرهەم بێت و ببینە مەملەکەتێکی سیاسی دوور لە زانیاری و زانست ئیتر کۆمەڵگایەکی دابەاو لەنێو جیهاندا دروست دەبێت و دامانمان

نزیکتر دەبێت بە لەواری وێران بوونمان، چونکە کایەی بەرەو پێش چوونی هەرکەمەگایەک بەندە بە بیرکردنەوەی تاکی کەمەگاو ژیریەوە لەنێو عەقڵکی زانستیدا نەوک عەقڵکی چەقبەستووی سیاسی کە لەئێستاکەدا پەیڕەودەکرێت لە کوردستاندا !!!!

سودانی و کۆشکانی نەوان هەرەم و بەغدا.. جبار عبدالڵە مهاجر

لەگەڵ دەست بەکاربوونی محمد سودانی وەکو سەرۆک وەزیرانی عیراقی فیدراڵ، هەواڵک هاتە ئاراوە بەکۆشکانی هەرەمی کوردستان و عیراق، ئەم هەواڵە سەرەتا لەلاین محمد سودانی سەرچاوەی گرت و سەرکی حکومەتی هەرەمی کوردستانیش پاشپشتی و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لەنێوانیاندا هەیە، تەنها ئەوەی لەرێ ئاماژە پێنەکراوە واتا بەدیاری کراوی پێنجە نەخراوەتە سەر ئەو کێشانەی کە ئیستا لەنێوان ئەو دوو حکومەتەدا هەیە وەکو بوجە و موچەی فەرمانبەران و ناوچە دابڕاوەکان و مەسەلەی سوپاو پێشمەرگە، ئەمانە و دیان کێشەی تر بونەتە بەربەست لەبەردەم حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرەم، بە چارسەر کردنی ئەو کێشانە پێویستە هەنگاوی عەمەلیان بە بهاوژرەت تاکو دەتوانن ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە کە لە بەرژەوندی هەردوو لادا تەواو بێت، حکومەتی عیراق پێویستە شەفافتر لە حکومەتی هەرەم ڕێ بگرێت چونکە هەرەمی کوردستان بەشکی دانبڕاوە لە عیراق تەنها وەکو ویلایەتکی سەربەخۆ خەبەری دەکات، ئەگەر بەو مەرجانەی کە هەردوولا بەخاڵ ئامادەیان کردووە ئەو هیچ کات ئەو کێشانە چارەسەر نابن و بگرە زیاتریش دەبن لێداهاتوو، ئەوەی کورد دەیەوێت لەعیراق وەربگرێتەوە مافی هاوڵاتیانە بەنام عیراق بەو مەرجە ڕازی بووە کە حکومەتی هەرەم دەسبەرداری پەرژەی فڕشتنی نەوت ببێت لە ڕێگای بڕی سەربەخۆی بە بەندەری جیهانی لەلایەکی تر گەیاندنەوەی ئەو پارانەی کە ساڵانەکە لە فڕشتنی نەوتی دەکەوێت، قورسی مەرجەکان دەلالەتە لە بەردەوامی کێشکان لەنێوان هەردوو حکومەتی عیراق و کوردستان، هیچ ئاسایەکی گەش نابینرێت لەنیوانیاندا بێیە هەندە جار بە مسائیلی کەبونەوەی حزبی و حکومی سەردانی یەکتری دەکەن

گوایە بە چارەسەری کێشەی نەوانیان دانیشت ئەنجام دەدەن کە دوورە لە ڕاستی، لەڕە بەدواوە حکومەتی کوردستان نایەوێت بچێتە ژێرباری حکومەتی عیراقی خۆی دەیەوێت چارەسەری دەخی نەوخۆی هەرێمی کوردستان بکات و عیراقیش هیچ ئومێدێکی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەماوەو نایەوێت دەرگای دانیشتنەکان بە کراوەی بهێڵێتەوە، بەیە هەندێ جار هەردوو لایەن دەیانەوێت بانگەشە بە ئەو چارەسەریانە بکەن و ڕەگای چارەسەریش ناگرنەبەر، بە گەلی کورد عەرەب هیچ جیاوازیەکی نیە ئەو لێکدانەوەیش هەڵەیەکی گەورەی تێدایە چونکە هندێک لەو سەرکردانە بژدارن لە خۆشی و ناخۆشیەکانی کورد، ئەوەی بە کورد زەرەر لە مەڵەفی چارەسەرکردن ئەویە کورد دوور دەکەوێتەوە لە مافی سەربەخۆی و بەدەستهنانی ئەو مافە نەتەوەیە، بەیە کورد لە ئیستادا تەنها ئەوەی پێویستە نەومای خۆی ڕزگبخاتەوە و ئەو دووبەرەکیەی هەیە بخاتە دەرەوەی ئەو بازنەیەی کە کورد ساڵانێکە هەوڵی بە دەدات و دەیەوێت خۆی بناسێنێت بجیهان پێیان بڵێت کە ئەمە خەمان دروستکرد نێک ئەوە بەن خەتان لەسەرمان فڕێ بکەن بڵێن ئەمە ئازادیمان بە ئەوە بونیاتنا.

کچێ بە جلی لەنگەوە.. نەوزاد بەندی

ئەمە کە ڕەگایەکمان نەماوەتەوە بە گەیشتن ..
جگایەکیشمان نەماوەتەوە بە هەڵنیشتن ..
ئەمە کە بە بەرهەم ..
بە کار ..
بە داهاتوو ..
بە بەرنامە ، ئەخولێنەوە ..
لە هەر خولێک و
چرکەیەکدا ، ئەتلێنەوە ..
ئەمە کە بە دەمی داپچاوەوە ،
سێری سەروەرییەکانی
دوو کەمپانیا ئەکەین ..
هەندێکمان بە جێتێی دێ ،

دەین بۆ لادا و
هەندێکی ترمان لە ئێکەین ..
ئەمە ، کە لەناو دڕاوی قسە و
مەزرای دروشم و
کۆڕە جەگەی بایکۆت و
گردبوونەوەدا ، سیس بووین ..
لە ژێر شەش مریشکی نەزۆکا ،
وەک کەمەڵە هەڵکەی
نەپیتراو ، پیس بووین ..
ئەمە کە ناتوانین بەیار بدەین
لەسەر ئەو هەموو مانگ و ساڵە ..
لەسەر ئەو هەموو داهات و ماڵە ..
دوو کەمپانیا کۆتوونەتە
ئاخنینە گیرفانی
هەموو شتە ،
ئەمە کەی حاڵە ؟
بازاڕەکان ، گوڕەوچنییم بیر ئەخەنەوە ،
خەڵکێکی زۆر ئەژنە سەر شەقامەکان ،
بە چینە کردن
لەناو خاشاکی ووڵاتان ،
وەک مەڵی ماڵیی ..
کچێک بە جلی لەنگەوە ،
فراوانتر بوو لە هی ئیزابێل ئەلەندی ،
خەون و خەیاڵی ..
زەمینی قەفەزەکان پاکترە
لە شەقام و مەیدانەکانمان ، بەوانە ..
نازانم چۆن تەدەپەڕن ..
ئەم هەموو لەنگە لەبەرە ،
ئەم هەموو خەڵکە لووت بەرزەی
ناکەکن و
بچووکترین داکۆکیان لا تاوانە …

⋆ ⋆ ⋆

ئەمە کە ناتوانین کەبینەوە ..
تا بە دوور ئەکەوینەوە ..
تا دوورتریش کەوینەوە ..
سەرشەتر و ..

فایلی بیرکاری.. ئامادەکردنی: عەلی حەمەشید

هەمیشە وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی/بیرکاری،حەزمکردووە لەکاتی سەردانکانمدا بۆ قوتابخانەکان و بۆ لای مامۆستایان،هەم وەکو هاوڕێ هەستوکوتیان لەگەڵدا بکەم بۆ شۆڕیکی نەرم و نیان و هەم بۆپێی ئەزمونی خۆم کە ساڵانێکی زۆر مامۆستا بووم و زیاتر لە دە ساڵیش سەرپەرشتیارم ،زانیاری نوێ و شتێکیان پێ بڵێم کە بتوانن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا وەک مامۆستا لە قوتابخانەدا بتوانن خۆیان سودی لێوەربگرن و مامۆستایانی تریش.لێرەدا نمونەیەک باس دەکەم کە خۆم بەکەرداری جێبەجێم کردووە هەم وەک مامۆستا و وەک سەرپەرشتیاریش توانیومە بیگەیەنم بە مامۆستایان.لە کاتی سەردانمدا داوام لێکردوون کە فایلێک یان بەکسێک دابنێن بە بیرکاری و لێشی بنوسن(بیرکاری) یان (فایلی بیرکاری) کە تیایدا ئەم پێداویستییانە دابنرێت و هەڵبگیرێت:

1. پلانەی ساڵانەی سەرجەم مامۆستایانی بیرکاری قوتابخانەکە.
2. ئەو ڕێنماییەی کە تایبەتن بە بیرکاری،کە پەروەردە یان سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بیرکاری ئاراستەی کردووون،وەک شێوازی پرسیاردانان،تەماری نمرەی هەڵسەنگاندن و زانیاری تر.
3. هەر زانیارییەک کە مامۆستایانی بیرکاری دەستیان دەکەوێت،لە ڕێی ئینترنێت یان ڕۆژنامە یان گۆڤارەوە بینوسن و دایبنێن.
4. پرسیار و وەڵامی کۆتایی وەرزەکانی هەردوو خولەکە.
5. زانیاری دەربارەی دانانی پلانی ڕۆژانە.
6. بۆ هەر مامۆستایەک فەرمکم دروستکردبوو،کە زانیاری تەواوی دەربارەی مامۆستاکە تێدابوو بە دوو نوسخە کە خشتەیەکی تێدا بوو ڕۆژکانی سەردانەکان و تێبینی تیابوو کە نوسخەیەکیش لای خۆم هەبوو چیم لەو بنوسیایە لای خۆیشم دەمنوسی.

دواتر ئەم فایلە وەک سەرچاوەیەکی لێدەهات کە مامۆستایان خۆیان سودیان لەوەردەگرت و هەر مامۆستایەکی نوێی بیرکاری

بهاتایە بە قوتابخانەکە سەرچاوەیەکی باشی پێ زانیاری بوو بۆی،هەروەها بە مامۆستایانی ئاهەنگەر کە بە ماوەی ئاهەنان دەهاتنە قوتابخانەکە دەیانتوانی تەماشای بکەن و یەک یەک زانیارییەکان ببینن کە بە ئەوانیش سەرچاوەیەکی بەسود دەبوو، ئەم فایلە بە ساڵی داهاتووش هەر بەکار دێهات و دووبارە ئەوانەی باسمان کرد تیایدا هەڵدەگیران و زیادیشی دەکرد.من باسی دانانی ئەم فایلەم بە مامۆستایانی بیرکاری قوتابخانەکە دەکرد،جاری وا هەبوو بەڕێوەبەر ئاگای لەم گفتوگۆیەمان بوو ،جاری واش هەبوو دواتر لای ئەویش باسم دەکرد تا کارئاسانی بە مامۆستایان بکات..بیرمە جارێکیان لە قوتابخانەیەک لەگەڵ پێدانی ڕێنمایی بە مامۆستایانی بیرکاری ئەوشم بە باسکردن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش بەسەرنجەوە گوێی گرتبوو،دیاربوو کە بۆلایەوە کارێکی بەسود و باشبوو،هەم تازەش بوو،چووم بە بینینی وانەی مامۆستایەک ،کە هاتمەوە، بەڕێوەبەرەکە وتی مامۆستا دەزانی ئەو فایلەی کە تۆ بە بیرکاری باستکرد من ئەم ماوەیە بە هەموو بابەتەکانی تریشم دروستکرد چونکە بۆلامەوە کارێکی گرنگ بوو،لە هەمان کاتیشدا ئاسانکارییەکی باش،بۆپەکەنینەوە وتی مامۆستا منیش خاڵێکی ترم بۆ زیاد کرد،با تاقیکردنەوەی نیوەی وەرزەکانیشی بۆ وەڵامەوە تیابێت.دەستخۆشیم لێکرد و وتم هەر شتێک بزانن گرنگ و باش و بەسودە دەتوانن تیایدا هەڵی بگرن.

ئامادەکردنی:عەلی حەمەڕەشید
سەرپەرشتیاری پڕۆژەیی/بیرکاری

گۆڵی فۆق..!-1-شەماڵ بارەوانی

بەشی(١)

هەستڕلێژی..!

ئەوارێکی پایزی ساڵی٢٠٠٩بوو، پانزەی مانگی ڕەمەزان بوو، لە مۆلایەتی ڕەمەزان، لە دێی(بە تێبیعات ئاوا) مۆلابووم و خەریک

بووم، وتارێکم لەسەر(موعجیزەکانی پێغەمبەر) دەنووسی و کتێبێکم سەبارەت بەوە، بەناونیشانی(ألف معجزة من معجزات الرسول)، لای خۆم دانابوو. ئەو کتێبە، باسی لە هەزار موعجزەی پێغەمبەردەکرد. خەریکی دەرهێنانی کۆمەڵێک پێچوو بووم، بۆ وتاری بەیانی.

وەک: موعجیزەی (ئیسرا و میعراج. لێت بوونی مانگ.

زۆر بوونی خواردن لەسەر دەستی پێغەمبەر. دەرچوونی ئاو لەنێوان پەنجەکانی پێغەمبەر. گریانی دار خورمایەک بۆ پێغەمبەر. سڵام کردنی بەردەک لێ پێغەمبەر..تاد.

وەک گوتم، من خەریکی نووسینەوە و ئامادەکردنی وتارەکەم بووم بۆ بەیانی.

لە نکاوە، دەنگێکی گەو سامناک هاتەبەرگوێم:

ها فەقێ فشەکەر چۆنی؟

ئەوە خەریکی چیت؟

کوڕە دەواز لەو خەڵکەی بێنن.

باشە بەمن ناڵێیت سودی ئەو بابەتە چییە بۆ کۆمەڵ، کە تۆ هەڵت بژاردووە بۆ بەیانی؟

ئاخ خودایە، تۆ سەیرکە، خەڵکی لە واقیع هەزار و یەک کێشەی هەیە، ئەو مەشک ژێنگاویش هاتووە باسی هەزار و چوارسەت ساڵ پێش ئێستا و هەزار موعجیزە دەکات !

فەقێی گەڵ، (کتێبی هەزار کێشە خەڵک)ت خوێندووەتەوە؟

ئەی هەمانی (گەڵە پیاو)؟

بە دەنیاییەوە چیرۆکی(گەڵە فەقێ)شت نەخوێندووەتەوە؟

گەڵە فەقێ جا جگە لە مەزووی عەرەب و فیقهی عەرەبی و کتێبی عەرەبان، کوا شتی تر و فەلسەفە و بیر وباوەڕی تر دەخوێنێنەوە !

تو شەڕەفت ئەتوو کاتێک ئەقڵ دابەشکرا، هیچت بەرکەوت؟

کۆڕە وەڵاهی وەبیلاهی وەتیلاهی، یان دیکارت درێی دەکات و خودا ئەقڵی بە یەکسانی بە هەموو مرۆڤکان نەبەخشیێ، یانیش ئەو فەقێ و

مەلایانە، هەر لە کاتی دابەشکردنەکە، لێیان ونبووە.

باشە مەشک خەرفاوینە، ئەنگۆ مەوزوع خلاس بووە هەتا بۆن و باسی موغەیرە و قەعقاع و خالدی کوڕی وەلید و کە و کێیتری ناو مێژووی عەرەب بە کوردی بەستەزمان بکەن و وەکو سەپەرمانەکەی نیچە و پاڤانک بۆ هەموو مرۆڤێکی مزگەوتە و خوا و خەڵکیان بناسێنن؟

تو ئەو مەشکەت، خە باشیش دەزانم کەر هەیبیتن، وەڵاهی ئەتوو نیتە، تە دەزانی موغەیرەی کوڕی شوعبە و خالید و قەعقاع کە بوون؟

کۆم ئەوانە لەو پرسە نەفرەتی و شاڕاوە داگیرکاریەی کە عەرەب فەڵەستینیازانە و ئەوڕۆی مەلا و فەقێ و فەندەمێنتالیستی کوردیش، نەزانانە و گەلانە، ناوتان لێناوە (فتوحات)، داک و کچ و خوشکی کوردیان، لە جەنگی گوماڵە و نەهاوەند و شارەزوور و کوێ و کوێیتر، وەک ئەو دواییەی داعش دەندەکان لە شنگال لەگەڵ کچە کوردە ئێزدانیەکان کردیان، دەکرد بە کەنیزە و کیلە و دیانبردن بە نەجد و حیجازە و خاک و شەڕەفی کوردیان داگیر و ئەتک و وێران دەکرد.

فەقێی خەرفاو، هەی لەو فەهم و ئیدراکەت بێم، کە ئەویشت نییە.

هەی جاهیل و نەخوێندەوار. وەڵاهی تە دەڵێیت پسپۆریت لە فەلسەفەی هەستەلەژی هەیە، هێندە هەستانە بیردەکەیتەوە !

فەقێ تۆ، ئەو وتارەی ئەو هەفتەی ئەولاشتم گوتم لەبووە، کە بۆ کوردە ئێزدایی و زەردەشتیانەی باب و باپیری خەتت دەگوت: شەیتان پەرست و ئاگر پەرست و مەجوسی و، یەزدەکورد و ساسانیە کوردەکانت بە هەمان ئاوازی نووسەرە عەرەبی و ئیسلامیە دەمارگیرەکان، بە فارس ناودەبرد!

ئای لەو کوردە بەرە و بەستەزمان و گۆ و وێی !

کۆم، دەزانیت کە دەماخ پڕترین نەتەوەی سەر هەسارەی زەوی کوردە؟

ئە تە بینیوتە، لەو کوردە داماوتر و کەرترهەبێت؟ لەگەڵ ئەزما !

باشە هیچ نەتەوەیەک هاتووە وەک کورد، پیرەزی نەهاوەندی قارەمانی خەی کرووە بە (ئەبو لوئلوئەی مەجوسی) و گۆڕی ئەو هەموو شەهیدە کوردانەی باب و باپیری خەی، کە لەسەر خاک و شەڕەف و بەرگری کردن لە نیشتمانی خەیان شەهید کراون. ناو بنێت گۆڕی مەجوس و ئاگرپەرست

و کافرەکان و هی ئەو عەرەبە پە پەتی و داگیرکارانەیش هاوڕێ و پاڵەوان و پیاو چاک و بە مراز حاسڵ بوون و چارەسەری نەزۆکی و نەخۆشی فتق و ژانە سەر و میز بەخەداکردن و چی و چیتر زیاترەتیان بکات !

باشە گەلەفەقێ، تۆ دەزانی وشەی مەجوس لە چییەوە هاتووە؟

هەی جامانە گەورەی مەشک بچووک، مەگوسەکان، مەغەکانن. ئەو مەگانەی کە تیرۆیەک لەو حەوت تیرەی ماد بوونەوە و باشترین چینی ماتماتیک زان و پزیشک و زانا و کیمیا زان و فەلەک ناس و کەشناس و خواناسی کورد بوونە و ئینجا هیچ کەسێک نەدەبوو بە پاشا لە ناوکوردان، مەگەر لای مەگەکان خوێندنی تەواو نەکردبایە.

ئەستا تەی نەزان هاتووی شوێن قنی ئەو تەفسیرە حیز و قسە پەی لە ڕق و دەمارگیرانەی موفەسیر و نووسەرە ئیسلامی و عارەبەکان کەوتووتی و مەگەکان دەکەیت بە مەجوس و ئاگر پەرست !

وەڵاهی کەرایەتی و گەلایەتی ئەوە، هەموو سنورەکی تێپەڕاندووە.

داروینی سەگباب لە تیوری(ئیڤۆلوشن) و سەبارەت پەرەسەندنەکەی هەڵەیەکی زەر زلی کردووە، کە نەیگوت کورد لە جاشکە کەرە پەریان سەندووە.

ئاخر ناحەقم کەواتان پە بەم؟ دەم پەڕ، دەم ژان دەکات. شەو هەژ و بە درەژایی ماوەی هەزار و چوار سەت ساڵە بە حاڵی ئەو کوردە داماوە دەگریم و فیغان و هاوار دەکەم و فرمێسک دەڕژم.

لەو هەژەی ئیمپراتۆری میدیا هەخاوە دەم شکاوە، دووەم جاریش، کاتی هەخانی ئیمپراتۆری ساسانیەکان هەمان شێوە، بە حاڵی ئەو کوردە سادە لەوح و داماوە، لە عەزابدامە و فرمێسکی بە کەڵ لە چاوەکانی من نەوەستاوە.

لەو هەژەوە، لە خودا و مرۆڤایەی و هەموو شتەک یاخی و دڵشکاو ماتەم داربووم، تا کوردیش نەبەتەوە بە دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت، هەرگیز، جلی ماتەم فڕێ نادەم و هەگە نادەم هەرگیز، خەندە توخنی لەوکانم بکەوێت.

ئەو کوردەی کە ئەستا لە لاوازترین و هەژارترین قەناغی فیکریدایە.

ئەو کوردەی پشتی لە مەژووی باب و باپیرانی خەی کوردووە و شوێن

سەبەری مژووی خۆکی ترکۆتووە و بووەتە داردەست و خزمەتکار و بوکەڵەی دەستی عەرەب و مەی دەستی پارس و سوخرەکەشی ئاڵی عوسمان.

کۆم، یەک فەردە کتێبت لەسەر مژووی دەوڵەتی: نەبەوی و هاشدی و ئەمەوی و عەباسی و سلجوقی و بوەیهی و فاتمی و عوسمانی و کۆ کەی تری عەرەبی و تورکی و پارسی خوەندووەتەوە، کەچی یەک لاپەڕە لە مژووی باب بیرانی خۆت، لە مژووی سەمەری و میدی و خوری و گوتی ولولویی و کاشی و ساسانیەکان شارەزایی و ئاگایییت نییە.

هەی فەقێی دەبەنگ، تە دەیت و بە دە وتار، باسی پاڵەوانێتی زەینەب غەزالیەکی عەرەبی و ئیخوانی و میسری بە کوردی داماو دەکەیت، کەچی بە یەک دەڤە لا لە بەکەنیزکردن و ئەتکردنی شەهرەبانووی خوشکی خۆت و کچی ئەزدی کوردی ئیمپراتۆری ساسانی ناکەیت، لەلایان فتوحات چی و داگیرکەرەکان.

هەی فەقێی فشکەر، لە جیاتی ئەوەی باسی حەپسەخانی نەقیب و لەیلاقاسم و سینەم بەدرخان و قازی محەمەد و سەیدەزای دەرسمی و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفیدو سمکۆی شکاک و ڕەفیق حیلمی و دەوڵەتی مادو دیاکۆ کەیخەسرەو ئەستیاگ بکەیت.

هاتوویت باسی زەینەب غەزالی و سوتان عەبدولحەمید و سوتان مورادو هارون ڕەشید و خەلیفەعەباسی و ئەمەوی و عوسمانی و ئیسلامیەکانی ترمان بە …بکەیت، سەفاح و قەعقاع و فلان و فیسارتری عەرەبی و ناو مەژووی عەرەب و دیان داگیرکەری تری خاک و مژوومان، زەر چەواشکارانە، وەک پاڵەوان و قارەمانگەلێک بە ڕەگ و ڕەوەی کورد بناسێنیت و یەزدکورد بەرگریکارانی خاک و شەرەفی کوردیش، لە جەنگکانی قادسیە و گوماڵ و نەهاوەند و حەلوان.. وەک کافر و بە بەوا !

هاتووی تا مژووی عەرەب، بەناوی ئایینەوە بکەیت بە مژووی کورد و ڕەگەی کورد لە مژووی باب و باپیرانی خۆی نەبان و نەناس بکەیت و دووریان خەیتەوە و دایانببڕیت و لەبیریان بەریتەوە !

ئائا باسی دەوڵەتی مەروانی و ئەیوبی و هاوشێوەکانیان بکە و بە کوردبوونە، ئەو دەوڵەتانەی جگە لەپەڕەی عەرەب و خزمەتکردنی مەزهەب و کلتور و هەموو شتێکی عەرەب، هیچ شتێکیان بە کورد نەکوردووە.

ئەوانەی وەک خۆت و هاوشێوکانت، کە تەنها دەتوانین وەک بەشێکی

خزمەتکاری مژووی عەرەب و لایەنە نەگەتیف و نەرێنیەکەی ناو مژووی کورد سەیریان بکەین و پەلەنیان کەین.

ئەگەر داوەشێیت، یاخوا، ئەنگبەت باوکە خەر لەخەنەدیو دەپاکەکەت، کاتێک تە هاتیتە سەر دنیایە دەیشی پە خەش بوبێت !

ئەوە، خەزیا باوکت بە چکە سەگێکی لە پاشکەوتبوایە، نەک وجاخێکی لە جنسی تە.

خە هەر هیچ نەبێت سەگ وەفای بە خاوەنەکەی خەی هەیە، بەڵام تە ئەوەشت نییە و هەندە سپلە و بە ئەمەکیت لە بەرامبەر مژووی باب و باپیرانت و شاو ئاژ، خەریکی مامەحەمەیی و گەوادیت بە مژوو و کولتووری نەیارانی نەتەوەکەت.

ئاخر خودایە، من چۆن ئاو کوردە داماو و لە خشتبردراو مژوو و بوون دزراو بە هەشکراوە، حاڵی بکەم و بیانهێنمەوە هەش، هەڵەش؟! قورسە خوایە قورس.